نوری مالیکی ومسرور بارزانی جەخت لە پەویستی چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگەی گفتوگۆ و ڕێزگرتن لە سیستەمی فیدرالی عێراق دەکەن



مەسرور بارزانی لەگەڵ نوری مالیکی، سەرکی هاوپەیمانی دۆڕاتی یاسا کەبووەو.

ئەمڕۆ پێنجشەممە (30ـی ئایاری 2024) مەسرور بارزانی، سەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا ، لەگەڵ نوری مالیکی، سەرکی هاوپەیمانی دۆڕاتی یاسا کەبووەو.

بەپێی ڕاگەیاندراوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە دیدارەکەدا بارودۆخی گشتیی عێراق و هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ کرا.

هەردوولا جەختیان لە پەویستی چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگەی گفتوگۆ و ڕێزگرتن لە سیستەمی فیدرالی عێراق و قەوارەی دەستووری هەرێمی کوردستان و پاراستنی مافەکانی خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی بەشە بودجە و شایستە دارایەکانی هەرێم لە چوارچێوەی بودجەی گشتیی فیدراڵدا .

هەروەها دووپات لە گرنگیی بەردەوامبوونی هەماهەنگیی و هاریکاری نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراق لە پێناو تێپەڕاندنی کێشە و ئاستەنگەکان کرایەوە بەپێی ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکانی ئیداری دەوڵەت و کارنامەی وەزاری حکومەتی فیدراڵ.